Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

# تۆمارەکردنی دەنگ لە لێدواندا

فەرمانگەی کۆچ هەمیشە لە لێدواندا تۆماری دەنگ دەکات، دەتوانی داوای دەنگی تۆمارکراوی لێدوانەکەت بکەی

تۆمار کراوەی لێدوان بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەهێشترێتەوە.

تۆ دەتوانی لە فەرمانگەی کۆچ داوا بکەی تا بێ بەرامبەر دەنگی تۆمارکراوی لێدوانی پەنابەرێتییەکی خۆت بدرێتێ. دەنگە تۆمارکراوەکە لە شێوازی دیسکی سیدی ڕادەست دەکرێ. لەبەر هۆکاری پاراستنی زانیارییەوە ناتوانین بە شێوە پاشکۆ لە ڕێگای ئیمەیلەوە بنێرین.

دەنگی تۆمارکراوی لێدوانەکەت بە فۆرمی داواکاری زانیاری داوا بکە.

ئەگەر خوازیاری گوێراگرتن لە دەنگی تۆمارکراوی لێدوانەکەتی، دەتوانی لە فەرمانگەی کۆچ گوێی لێبگری.

## هەورەها بۆخۆت دەتوانی لە لێدوانەکەت دەنگ تۆمار بکەی

ئەو شوێنانەی لێدوانیان تێدا بەڕێوە دەچێ بەسەر هاتووچۆی گشتیدا داخراون. لەم شوێنانەدا تۆمارکردنی لێدوانەکەی خۆت، واتە بە شێوەکانی وێنەگرتن، تۆماری دەنگ یان هەڵگرتنەوە ڤیدیۆ بە مەبەستی سرنجدان بە سەر شێوەی چالاکی فەرمانگەی کۆچەوە ڕێگا پێدراوە.

هەڵگرتنەوەی گرتەی ڤیدیۆ یان وێنە تەنها بە دەستنیشانکراوی لە کارمەندی فەرمانگەی کۆچ یان لە وەرگێری زارەکی وەک تاکە کەس ڕێگەی پێنادرێ، لەبەر ئەوەیکە مەبەست نییە چاودێری بەسەر بەڕێوەچوونی لێدوان یان شێوەی کاری وەرگێری زارەکی یان لێدوانکەرەوە بکرێ.

## تۆمارکردن تەنها لە ماوەی لێدواندا و لە شوێنی دیاریکراو بۆ ئەم مەبەستەوە ڕێگا پێدراوە

دەتوانی دەنگی لێدوانی پەنابەرێتی تەنها لە کاتی بەڕێوەچوونی لێدواندا و لە شوێنی دیاریکراو بۆ ئەم مەبەستەدا تۆمار بکەی. تۆ بۆت نییە کە بەر لە دەستپێکران و دوای لێدوان، هەروەها لە کاتی پشوودانەکاندا یان لە دەرەوەی لێدواندا بۆ نموونە لە ژووری چاوەڕوانکردندا وێنە هەڵبگرییەوە یان دەنگ تۆمار بکەی کە شوێنی گشتی نییە. بە مەبەستی پاراستنی مافە تاکەکەسی و ناسنامەیی پەنابەران لەو شوێنانەدا وێنە و دەنگ تۆمار کردن قەدەغە کراون.

لەبەر دۆخی بابەتەکانی پەنابەرێتی کاربەدەستان ئەرکی سەرشانیانە کە پاراستنی مافەکانی تاکەکەسی و ناسنامەیی پەنابەران دەستەبەر بکەن، هەر بۆیەوە لەو شوێنانەدا کە بەسەر ڕێگای هاتووچۆی گشتیدا داخراون و پەنابەران لەوێن، ئاگاداری قەدەغەکردنی تۆمار کردن زەق کراونەوەتە.

لە بنەڕتدا تۆمارکردن لە لێدوانەکانی یەکەی دەستبەسەریدا (کەمپی داخراو) ڕێگا پێدراوە. لە هەندێ بواردا بە پاڵپشتی هۆکاری دیاریکرا لە یاسادا دەکرێ تۆمارکردن لە یەکەی دەستبەسەریدا قەدەغە بکرێ.

ئەگەر لێدوانەکەت تۆمار دەکەی ئەمانەت لە بیر بێ:

- تۆمارکردن نابێ کۆسپ بۆ لێدوان بنێتەوە. ئەگەر تۆمارکردن کۆسپ بۆ لیدوانکەر یان وەرگێڕی زارەکی درووست بکا یان کاریگەری لەسەر هۆشجەمی خۆت دابنێ، ئەو کات دەکرێ واز لە لێدوانەکە بهێنرێ.
- کاتێک مۆبایلەکەت بە هەڵکراوە هێشتۆتەوە و بۆ تۆمارکردن بەکاری دەهێنێ هەر خۆت لە بەرامبەر هەموو مەترسییەکانی پاراستنی زانیاریدا وڵامدەر دەبی. ئەگەر مۆبایلەکەت بۆ تۆمارکردن بەکار ناهێنی، فەرمانگەی کۆچ بە باشی دەزانێ کە بیکووژێنییەوە.
- ناتوانی ئامێری زیادە وەک ڕووناکی (لامپ) یان کەسی دیکە بۆ یارمەتی تۆمارکردن لە دەگەڵ خۆت بهێنێ شوێنی لێدوان.